**به ناوه خوای به خشینده و میهره‌بان**

**به ناوی گه‌له‌وه**

**ئه‌نجومه‌نی نشتمانی كوردستان – عێراق**

**به پێی حوكمی برِگه (1) له مادده‌ی (56) له یاسای ژماره (1) ی ساڵی (1992) ی هه‌موار كراو و له سه‌ر داوای ئه‌نجومه‌نی وه‌زیرانی هه‌رێمی كوردستان – عێراق , ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی كوردستان – عێراق له دانیشتنی ژماره (14) ی رۆژی 2007/10/22 یدا ئه‌م یاسایه‌ی ده‌رچوواند :**

**یاسای ژماره(26)ی ساڵی/2007**

**یاسای هه‌مواركردنی پیاده‌كردنی یاسای باجی ده‌رامه‌تی**

**ژماره(113)ی ساڵی(1982)ی هه‌مواركراو له هه‌رێمی كوردستان-عیراق**

**مادده‌ی یه‌كه‌م:**

**یه‌كه‌م:كاركردن به برگه (10/ج) له مادده (1)ی یاسای باجی ده‌رامه‌تی ژماره (113)ی ساڵی 1982ی هه‌مواركراو له هه‌رێمی كوردستان راده‌گیرێ.**

**دووه‌م:ده‌سته‌واژه‌ی (له غه‌یری ووڵاته عه‌ره‌بیه‌كان)له برِگه (10/ د)له یاسای باجی ده‌رامه‌تی ژماره (113)ی ساڵی1982ی هه‌موار كراو لاده‌برێ.**

**سێ یه‌م : ئه‌م برِگه‌ی خواره‌وه ده‌خرێته سه‌ر مادده (1) له یاسای باجی ده‌رامه‌تی ژماره (113)ی ساڵی (1982)ی هه‌مواركراو ده‌بێته برِگه (10/ج) بۆی :**

**برِگه (10/ج): ئه‌و هاووڵاتیانه‌ی له رۆله‌كانی هه‌رێمی كوردستانن و له ده‌ره‌وه‌ی عیراق نیشته‌جێن,وه‌ك نیشته‌جێكان بۆ مه‌به‌ستی پیاده كردنی ئه‌م یاسایه حسێب ده‌كرێن.**

**مادده‌ی دووه‌م:**

**یه‌كه‌م:كاركردن به برِگه (4)ی مادده (2) له یاسای باجی ده‌رامه‌تی ژماره (113)ی ساڵی 1982ی هه‌موار كراو ڕاده‌گیرێ.**

**دووەم:**کارکردن بە بڕگە (2) لە بڕیاری ژمارە (520)ی ساڵی 1987 رادەگیرێ.
**سێیەم:**کارکردن بە بڕگە (20)ی ماددە (7)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموارکراو رادەگیرێ.
**چوارەم:**بڕیاری ژمارە (73)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.
**پێنجەم:**ماددە(2) لە بڕیاری ژمارە (86)ی ساڵی 2000 هەڵدەوەشێتەوە.
**شەشەم:** ماددە(3) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.
**حەوتەم:** ماددە(4) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە
**هەشتەم:** ئەمەی خوارەوە دەخرێتە پاڵ ماددە (2) و دەبێتە بڕگە (4) و بەم جۆرە دەخوێندرێتەوە:.

1- باجێك بە رێژەی بەرزبونەوە لە نرخی خانووبەرەکە فەرزدەکرێ یان مافی بە کارهێنانی خەملێندرا بێت بە پێی حوکمەکانی یاسای ژمارە(85)ی ساڵی 1978ی خەملاندنی بەهای خانووبەرە و قازانجەکانی یان بەدەلەکەی و کامیان بەسەر خاوەن موڵك پتر دەوەستێ یان خاوەنی مافی دەسکاری کردنیەتی بەهەر رێگایەك لە رێگاکانی گواستنەوەی مۆلکایەتی یاخود چنگ کەوتنی مافی دەسکاری کردنیان یان گواستنەوەی وەك(فرۆشتن و گۆڕینەوە و رێکەوتن و دەست هەلگرتن و بەخشین و لابردنی کۆیەشی و پاکۆ کردنی وەقف یاخود بانەوانی) و مامەڵە لەگەڵ کرێچی وەك خاوەن مۆلك دەکرێ لە کاتی بە کرێ گرتنی خانوو کە کەوتووەتە بەردەستی بە گرێبەستی بانەوانی وبەم جورە حسێب دەکرێ:.

أ-یەکەم (50,000,000)پەنجا ملیۆن دینار لە نرخی خەملێنراوی خانووبەرە کە یا بەدەلە کەی دەبوردرێ وئەم گوژمە پارەیە بەسەر هاوبەشەکاندا بە پێی پشکەکانیان دابەش کرێ ئەگەر خانووبەرەکە بە مولك کرابێ لە ڕووی کۆبەشیەوە .

ب-ئەوەی لە بڕە پارە لێبوردراوەکە پتر بێ کە لە بڕگەی (یەکەم/1) لەم بەندەدا هاتووە,بەم ڕێژەیە باجەکە دەیگرێتەوە:.

1- (3٪) تاکو(50,000,000)پەنجا ملیون دینار.

2- (4٪) ئەوەی لە(50,000,000)پەنجا ملێون دینار زیاتربێ تا دەگاتە (100,000,000)سەد ملیون دینار.

3- (5٪) ئەوەی لە (100,000,000) سەد ملیون دینار زیاتر بێ تا دەگاتە (150,000,000) سەدو پەنجا ملیون دینار.

4 (6٪) ئەوەی لە (150,000,000) سەدو پەنجا ملیون دینارزیاتر بێ.

2-ئەگەر گواستنەوەی ملّکداری خانووبەرەکە لەسەر چەند پشکێك لە خانووبەرەکە بوو, ئەوا باجەکە بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە لەسەر هەموو خانووبەرەکە حسێب دەکرێ و بە پێی پشکەکانی کە گوازراونەتەوە بۆ گشت خانووبەرەکە وەردەگیرێ.

3-نابێ مولەتی ئەو مامەلانەی دەکەونە بەر حوکمەکانی ئەم یاسایە لە ڕێکارەکانی پشکنین و گەران بە دوای سەر پێچیەکانی باج کە بەر لە جێبەجێ کردنی ئەم یاسایە ئەنجامدراوە هەلپەسێردرێ.

4-حوکمەکانی ئەم یاسایە بەدەر لەو لێبوردرانەی کە لە بڕگە (یەکەم/)دا هاتوون پیادە دەکرێن بەسەر گواستنەوەی مولکایەتی خانووبەرە یان مافی دەسکاری کردنی کە پێش ئەم یاسایە تەواو بووە و باجەکان یان فەرقی خەملێنراوەکەی کە کەوتۆتەسەریان نەدراوە.

ماددەی سێیەم:.

یەکەم:ماددە (1)لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5) ی سالّی 1999 هەلدەوەشێتەوە.

دووەم:ماددە(1) لە بڕیاری ژمارە (219)ی سالّی 2001 هەلدەوەشێتەوە و ئەمەی خوارەوە جێی دەگرێتەوە.

ئەو کەسەی نیشتەجێ یە ئەم لێبوردنانەی خوارەوەی پێ دەدرێ لەهەر ساڵێکی تەقدیری و بنەڕەتی بارەکەی لە ساڵی دەرماتەی دا.

1-(2500000) دوو ملێون و پێنج سەد هەزار دیناری عیراقی بۆ ئەو کەسەی موکەلەفە بە ژیاندنی خێزان و ئەگەر ئافرەتی شوو نەکردوو بوو (بێوەژن و تەلاقدراو نەبوو یا خود ئەگەر دەرامەتەکەی لەگەل دەرامەتی مێردی تێکەل نەکردبوو).

2-(2500000) دوو ملێون و پێنج سەد هەزار دیناری بۆ ژنەکانی یا ئەگەر ژنی ماڵەوە بێ و هیچ دەرامەتێکی نەبێ یان دەرامەتەکەی تێکەل بە دەرامەتی مێردەکەی کرابێ.

3-(300000) سێ سەد هەزار دیناری عیراقی بۆ هەر یەك لە مندالەکانیان بە چاوپوشین لە ژمارەکانیان.

4-(3200000) سێ ملیۆن و دووسەد هەزار دیناری عێراقی بۆ خودی بێوەژن یا تەلاقدراو و (300000) سێ سەد هەزار دیناری عیراقی بۆ هەریەکە لە مندالەکانیان کە لە ژێر چاودێری ئەون بە شێوەیەکی یاسایی بە چاوپۆشین لە ژمارەیان.

5-ئەوەی موکەلەفە بە ژیاندن لێبوردەیەکی دیکەی پێدەدرێ کە برەکەی(500000) پێنج سەد هەزار دیناری عیراقیە ,ئەگەر تەمەنی لە شەست و سێ ساڵ تێپەری بێ لەگەل ئەو لێبوردەیانەی کە لە بەشەکانی دیکەی ئەم ماددەیەدا هاتوون.

ماددەی چوارەم:

یەکەم:ماددە (2) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (5)ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

دووەم:ماددەی (3)لە بڕیاری ژمارە (219)ی ساڵی 2001 هەڵدەوەشێتەوە.

سێیەم:بڕگەکانی (7 , 6) لە بڕیاری ژمارە (294) ی ساڵی 1999 هەڵدەوەشێتەوە.

**چوارەم:کارکردن بە بڕگە(2) لە مادده (13) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان رادەگیرێ و ئەمەی خوارەوەی لە جێ دادەنرێ:**
**باجی دەخرێتە سەر موکەللەف لە بڕی هەر ساڵێکی تەقدیری بە پێی ئەم رێژانەی خوارەوە:**
**1-دەرامەتی تاکی نیشتەجێ دوای پێدانی ئەم لێبوردە یاساییانەی خوارەوە:**
**أ- (3٪) تا دەگاتە دوو ملێون دینار.**
**ب- (5٪) بۆ ئەوەی لە دوو ملیۆن دینار پتره تا دەگاتە چوار ملێون دینار .**
**ج- (10٪) بۆ ئەوەی لە 4ملیۆن دینار پتره تا دەگاتە شەش ملیۆن دینار.**
**د-15٪ بۆ ئەوەی لە شەش ملیۆن دینار پترە.**
**2-دەرامەتی کەسی نانیشتەجێ هەمان رێژەکانی نیشتەجێ یە,بێ ئەوەی ئەو لێبوردنەو یاسایانە بیگرێتەوە.**
**3-باج بە رێژەیەکی چەسپاو کە بڕەکەی (15٪) یە دەخرێتە سەر قازانجی هەموو کۆمپانیا کاراکان لە هەرێمی کوردستان بە کۆمپانیا تاك و سادەکانیشەوە.**
**4-باج بە رێژەی (5٪) لەسەر ئەوەندەی لە (700,000)حەوت سەد هەزار دینار زیاترە لە مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم وەردەگیرێ بۆ هەموو پلەکانی فەرمانبەریەتی و کەرتی تایبەتی تۆمارکراو بە فەرمی و خاوەن پایەو پلە فەرمانبەرییە تایبەتیەکان**
**ماددەی پێنجەم:**
**یەکەم:بڕیارەکانی ژمارە (192)ی ساڵی (1996)و ژمارە (32)ی ساڵی (1997)و (65 , 83 , 112 , 4210)ی ساڵی 2003 هەڵدەوەشێتەوە.**
**دووەم:بڕگەیەك دەخرێتە سەر مادده (2)ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(113)ی ساڵی 1982ی هەموار کراو لە هەرێمی کوردستان-عیراق و دەبێتە بڕگە (7) بۆی.**

7- كارگەكانی دروستكردنی ئالیك.

**سێیەم:** دوو بڕگە بە زنجیرەی (27,28) دەخرێنە سەر مادده (7) لە یاسای باجی دەرامەتی ژمارە(113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو لە هەرێمی كوردستان و بەم جورەی خوارەوە:-

27-ئۆتۆمبێلی تاكسی (5) نەفەری و پاسەكانی گواستنەوەی بچووك و گەورەی نەفەران لە ناو شار و لە نێوان شارەكاندا.

28-تراكتۆر و دەڕاسەی كشتوكاڵی ە ئۆتۆمبێلی بار هەلگری بچووك(پیكەب دەبل) یەك تەنی.

**چوارەم:** كاركردن بە یاسای باجی جێماوەكان(الترکات) ژمارە (64)ی ساڵی 1985ی هەموار كراو لە هەرێمی كوردستاندا رادەگیرێ و میراتگرانی ئەو مردووەی كە لە ماوەی هەلپەساردنی یاساكە بە بڕیاری ژمارە (32) لە 1997/11/8 باجیان هاتووتە سەر لە باجی جێماوەكان (الترکات) دەبووردرێن و هۆبەكانی باجی جێماوەكانیش لە فەرمانگەكانی باج لە هەرێم دادەخرێن.

**ماددەی شەشەم:**

بڕگەی (2) لە مادده (27) ی یاسای باجی دەرامەتی ژمارە (113)ی ساڵی 1982ی هەموار كراو هەموار دەكرێ و بەم جۆرەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

پێویستە لەسەر هەر كەسێكی تۆمار كرابێ یا تۆمار نەكرابێ و دەرامەتێكی هەبێ كە باج بیگرێتەوە,ڕاپۆرتێك پێشكەش بكات لە بارەی دەرامەتەكەی خۆی بەر لە روژی یەكەمی تەمووز لە ساڵی تەقدیری ئەگەر داوای لێ نەكرا بە ئاگادار كردنەوەی نووسراو یان هۆیەك لە هۆیەكانی راگەیاندنەوە پێشكەشی بكا.

**ماددەی حەوتەم:**

كار بە هیچ دەقێكی یاسایی یا بڕیارێك ناكرێ گەر لەگەل حوكمەكانی ئەم یاسایە ناكوك بێ.

**ماددەی هەشتەم:**

**وەزیری دارایی ئابووری لە هەرێم دا بۆی هەیە رێنمایی پێویست بۆ ئاسانکاری جێبە جێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.**

**ماددەی نۆیەم:**

**پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.**

**ماددەی دەیەم:**

**ئەم یاسایە لە روژی 2008/1/1 ی تەقدیری یەوە جێبەجێ دەکرێ و لە روژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان) بلاوبکرێتەوە.**

**عدنان موفتی**

**سەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی**

**کوردستان - عێراق**

**هۆیە پێویستەکانی دەرچواندنی :**

**بە مەبەستی گونجاندنی یاسا لەگەڵ سیاسەتی ئابووری لە هەرێمی کوردستان و لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی یاساکاری ئابووری تایبەت بە وەبەرهێنان و ئابووری بازار و هاندانی بزووتنەوەی ئاوەدانی و وەبەرهێنانەکان بە شێوەیەکی گشتی و بۆ بەدیهێنانی داد پەروەری و بۆ سووك کردنی بارگرانی باج لەسەر شانی هاووڵاتییان ئەم یاسایە <u>دەرچووێنرا</u> .**

**تێبینی : ئەم یاسایە بە بڕیاری ژمارە (33) لە ساڵی (2007) لە لایەن بەرێز سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە دەرچووێنرا .**